# سامسۆنگ و شاشەی زۆر تەنک

شاشە و سکرینی ئامێرە دیجیتاڵییەکان هەروا دێت و تەنك دەبنەوە، بەجۆرێك کە وەك کاغەزێك تەنك دەبن و وەك شووشەیەکی ڕوون دەچن. تەنك بوونی شاشەی ئامێرە دیجیتاڵییەکان وەك تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەر و مۆبایل...و تاد، دەبێتە هۆی شەفافتربوونی دیمەنەکان و کوالیتی بەرزی نیشاندانی شاشە.

کۆمپانیای سامسۆنگ لەم دواییەدا شاشەی تەنکی جۆری Youm بەرهەم هێنا، شاشە تەنکەکەی سامسۆنگ تەنانەت وەك پارچە کاغەزێك دەنوشتێتەوەو تەنانەت جیاوازیشی هەیە لەگەڵ شاشەی جۆری OLED کە شاشەیەکی زۆر تەنکە، لەو شاشەیەدا لەبری شووشە لەپلاستیکێکی ڕوون سوود وەرگیراوە، بەوتەی سامسۆنگ ئەم شاشەیە «تەنك و سووك و مەحکەمە». سامسۆنگ لەبەرهەمهێنانی ئەو شاشەیەدا ویستویەتی لەگەڵ هاوتا کۆرییەکەی خۆی واتە کۆمپانیای LG دوانەکەوێ کە کۆمپانیای ناوبراو لەم ماوەیەدا شاشەیەکی زۆر تەنکی بەرهەمهێنا.




# کاتژمێرێکی




کاتژمێر دەکرێ بڵێین مێژوویەکی هەزاران ساڵەی هەیە، مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە کات و تێپەڕینی شەو و ڕۆژی بۆ گرنگ بووە، ئەو گرنگییەکش وای کردووە کە ئامێری کاتژمێر بەرهەم بێنێ، ئێستا دەتوانین بڵێین گشت ئامێرێکی دیجیتاڵی کاتژمێری خۆی هەیە، وەك مۆبایل، کۆمپیوتەر، ڕیکۆردەر، تەبلێت، تەلەڤزیۆن، بەفرگر...و تاد.

لەم ماوەیەدا گۆڕانکارییەك بەسەر کاتژمێردا هاتووە، واتە کاتژمێر هەر ئەو ئامێرە نییە کە کات نیشان بدات، بگرە کاتژمێری دەست ئامێرێکە کە دەکرێ بەهۆیەوە وەڵامی پێوەندییەکان بدەیەوە و



# تەبلێتێکی نوێ تایبەت بەقوتابیان

تەکنۆلۆژیای نوێ بەتایبەتی تەکنۆلۆژییە کەسی و دیجیتاڵییەکان زیاتر لەهەر توێژێکی کۆمەڵگە لەخزمەتی قوتابیان و خوێندکاراندا بووە، چونکە بەهۆی سوود وەرگرتن لەتەکنۆلۆژیای نوێوە بەتایبەتی کۆمپیوتەر و تەبلێت و کتێبخوێنی ئەلکترۆنی توانیویانە ئاستی زانستیان زۆر بەرەو سەرەوە بەرن.

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای ئەنتەل تەبلێتێکی نوێی بەناوی StudyBook بەرهەم هێنا، ئەم تەبلێتە نوێیە بەسەر زیاتر بەدوو هەزار پۆل لە٣٦ وڵاتدا دابەش کرا. تەبلێتە نوێیەکەی ئەنتەل لەپرۆسیسەری جۆری Atom Z٦٥٠ و شاشەی چەند لەمسی سوود وەرگرێت. ئێستا سیستەمی پەروەردەی وڵاتانی پێشکەوتوو هەوڵ دەدەن لەبری کتێبی خوێندن تەبلێت بەسەر قوتابیان و خوێندکاراندا دابەش بکەن، چونکە هەم تێچووی کەمترە و هەم هەڵگرتنی ئاسانە و زانیارییەکی یەکجاری زۆری تێدا کۆدەکرێتەوە بواری شیکردنەوەی و لێکدانەوە لەتەبلێتدا زیاترە. تەبلێتی جۆری StudyBook دژە ئاو و دژە زەربەیە.

# XP و ڤێستا بـ

ویندۆز XP بەتەمەنترین ویندۆزی مایکرۆسۆفتە، لەڕاستیدا خۆشەویسترین ویندۆزیش بوو، گەرچی بەدوای ویندۆز XPدا ویندۆز ڤێستا بەرهەمهات، بەڵام داهاتنی ویندۆز ڤێستا نەتەنیا لەخۆشەویستی XP کەمنەکردەوە، بگرە هێندەی دیکەش لەلای بەرکاهێنەران بایەخی پێدرا، چونکە ڤێستا خاوەنی چەندین گرفت بوو. ڤێستا تەنیا دوو ساڵ بەتەواوی ژیا، دواتر بایەخی خۆی لەدەستدا، ویندۆز٧ کە دوای ڤێستا بەرهەمهات، توانی هەندێك لایەنگر بۆخۆی پەیدا بکات و بەڵام هێشتا XP لەسەر کۆمپیوتەرەکان دەبینرێت. بڕیار وایە ئەمساڵ ویندۆز٨ بکەوێتە بازار، بەڵام ئایا ویندۆزی نوێ دەبێتە هۆی ئەوەی کە XP بەرەو نەمان بچێت، کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کە بەرهەمهێنەری ویندۆزی کۆمپیوتەرە، بەنیازە هەموو خزمەتگوزارییەکی تایبەت بەویندۆز XP و ڤێستا ڕابگرێت و بڕیار وایە لەساڵی ٢٠١٤ دا لەهەموو خزمەتگوزارییەکان دا بماڵێ. هەروەها ئۆ فێس ٢٠٠٣یش ئەو بڕیارە دەیگرێتەوە.

# هۆشمەند




سەیری ئیمێلەکەت بکەی و کورتە پەیامەکانت ببینی.

کۆمپانیای سۆنی کە یەکێکە لەکۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی تەکنۆلۆژیای نوێ، کاتژمێرێکی جۆری ئەندرۆیدی بەرهەمهێنا کە پێوەند دەدرێت بەمۆبایلە هۆشمەندەکان. کاتژمێری جۆری Smartwatch بەهۆی بلوتوسەوە بەمۆبایلەوە پێوەند دەدرێت و پاشان بەهۆیەوە دەتوانی بەشێك لەئەرکەکانی سەر مۆبایلەکە بەکاتژمێرەکە ئەنجام بدەی. کاتژمێرەکە شاشەکەی لەمسییە و بۆ ئاگادارکردنەوە سیستەمی ڤیبرەی هەیە.

## شاشەی لەمسی مۆبایلە هۆشمەندەکان خۆیان نۆژەن دەکەنەوە

مۆبایلە هۆشمەندەکان لەبواری پرۆگرام و نەرمە ئامرازەوە گرنگی زۆریان پێدراوە، هەروەها لەبواری سەختە ئامرازیشەوە بەگرنگەوە سەیرکراون وەك بوونی شاشەی چەند لەمسی، ماددەی پێکهاتەکەی لەباشترین و مەحکەمترین ماددەیە، لەم دواییەدا هەوڵدراوە بۆ نەهێشتنی شوختی سەر شاشە لەمسییەکان جۆرە ماددەیەك بەرهەم بێنن کە خۆی ئۆتۆماتیکی نۆژەن بکاتەوە.

کۆمپانیایەکی ژاپۆنی بەناوی Toray توانی شاشە و کەڤەرێکی مۆبایلی هۆشمەند بەرهەم بێنێ، کە ئەگەر تووشی شوخت بوو بەماوەیەکی کەم شوێنی شوختەکە نەهێڵێت، هەرچەندە ئەوە تەکنۆلۆژییەکی نوێ نییە، پێشووتریش بۆ لاپتۆپ بەرهەمهاتبوو کە خاوەنی ئەو تەکنۆلۆژییە نوێیە بوو، بەڵام تەکنۆلۆژی سڕینەوەی شوخت و خۆ نوێکردنەوە لەمۆبایلەکاندا بوونی نەبوو. شوختێکی بچووك لەماوەی ١٠ چرکەدا دەسڕێتەوە.






## یۆتیوب و نیشاندانی فیلمی سێ ڕەهەندی

کۆمپانیای گوگل کە خاوەنی کۆمپانیای یوتیوبیشە، توانی خزمەتگوزارییەکی نوێ بەسایتی یوتیوب کە گەورەترین سایتی دانان و دابەزاندنی کورتە فیلمە زیاد بکات، لەو خزمەتگوزارییە نوێیەدا بەکارهێنەران دەتوانن فیلمەکانی سایتەکە بەشێوەی سێ ڕەهەندی ببینن، گوگل ئێستاکە ئەو خزمەتگوزارییەی بەشێوەی تاقیکاری و تێست داناوە. بەکارهێنەرانی یوتیوب دەتوانن فیلمە ڤیدیۆییەکان بەکوالیتی HD و بەشێوەی سێ ڕەهەندی ببینن، هەرچەندە پێشووتر ئەو خزمەتگوزارییە لەیوتیوبدا بوونی هەبوو، بەڵام گوگڵ هەوڵیداوە ئەو خزمەتگوزارییە بەهێزتر بکات و گشت کورتە فیلمەکان بەشێوەی سێ ڕەهەندی ببینن. ئێستاکە ئەو کورتە فیلمانەی کە کەمتر لە١٥ خولەکن توانای سێ ڕەهەندیان هەیە، ئەوانەی کە نیازیان هەیە سەیری فیلمی سێ ڕەهەندی لەسەر یوتیوب بکەن دەبێ چاویلکەی سێ ڕەهەندییان هەبێت. بەکارهێنەر دەبێت بۆ سەیرکردنی ئەو فیلمانە لەخوار کورتە فیلمەکە کلیك بکەن و فایلەکە بکەن بەسێ ڕەهەندی.

## ـــــــەرەو تابووت








# سایتێک تەمەنی ڕاستەقینەت دیاری دەکات

face.com

ڕەنگە هیچ سایتێك بەقەد سایتی face.com نەیار و دژ نەبێت لەگەڵ ژنان، چونکە ڕەگەزی مێیینە هەمیشە هەوڵیداوە وێنەی ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە.. هەرچەندە سایتەکە خزمەتگوزارییەکەی تایبەت نییە بەدیاریکردنی تەمەنی کەسەکان، بەڵکو زیاتر سایتی ناساندنی ڕووخسارە، واتە ڕووخساری کەسەکان لەسەر وێنە دەناسێتەوە، لەم دواییەدا خزمەتگوزارییەکی نوێ بەسایتەکەوە زیاد بوو، ئەویش دیاریکردنی تەمەنی ڕاستەقینەی کەسەکان بەهۆی وێنەکەیەوە. بەهۆی ئەوسایتەوە دەتوانی تەمەنی هاوڕێکەت کە هەتا دوێنێ لەتۆی دەشاردەوە کە چەندە بزانی، لەچەند تاقیکردنەوەیەکدا کە لەو بوارەدا لەسایتی ناوبراودا کراوە دەرکەوتووە ئەو تەمەنەی کە سایتەکە دەیڵێت زۆر نزیکە لەتەمەنی ڕاستەقینەی کەسەکە، جیاوازییەکە ئەگەر هەشبوبێت لەساڵێك هەتا سێ ساڵ بووە. لەسایتەکەدا بەشێك هەیە کە تایبەتە بەدیاریکردنی تەمەن و لەودا فەرمانی Upload Photo لێبدە. پاشان وێنەی کەسەکانی سەر وێنەکە دەناسێت و زانیاری سەبارەت بەوان دەڵێت وەك تەمەنیان ڕەگەزیان یان کرانەوە و داخستنی لێو و چاوەکانیان.



# مۆنیتۆرێک خزمەت بەتەندروستیت دەکات

مانەوەیەکی زۆر لەسەر کۆمپیوتەر دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیان بەتەندروستیت بگەیەنێ، بەتایبەتی تەندروستی چاوەکان و هەروەها بوونی ئازارێك بۆ پشت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مەودای بەکارهێنەر لەگەڵ مۆنیتۆر زۆر لەبەکارهێنەرەکەی نزیکە و تیشکی شاشەکە زیان بەتەندروستی چاو دەگەیەنێ، هەروەها بەکارهێنەر نازانێت بەشێوەیەکی تەندروست بەرامبەر کۆمپیوتەر دابنیشێ، ئەمەش دەبێتە هۆی چەمانەوەی پشتی.

کۆمپانیای فلیپس ڕێگاچارەیەکی بۆ ئەمە دۆزیوەتەوە، بەم دواییانەدا مۆنیتۆری جۆری ErgoSensorی بەرهەمهێناوە کە شێوازی دروست دانیشتن فێری بەکارهێنەرەکەی دەکات. مۆنیتۆرەکە بەهۆی هەستەوەرەکانی و کامێرای سەر مۆنیتۆرەکە چاوەدێری تەندروستی بەکارهێنەرەکەی دەکات، ئەگەر مەودای ستاندارت وەبەرچاو نەگیرابێ یان ماوەیەکی زۆر لەسەر کۆمپیوتەر دانیشتبی، بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە، ئەگەر مل و پشتی بەکارهێنەرەکەی ڕاست و گونجاو نەبێت، دیسان بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە، هەروەها ئەگەر ماوەیەکی زۆر لەسەر کۆمپیوتەر بمێنیەوە ئاگادارت دەکاتەوە پێت دەڵێت پێویستت بەئیسراحەت و پشوودانە. هەروەها ئەگەر بەکارهێنەریش لەسەر کۆمپیوتەر لابچێت، ئۆتۆماتیکی مۆنیتۆرەکە دەکوژێتەوە.

# کامێرای سۆنی بۆ گرتن



بەسێ ڕەهەندی بوونی ئامێرە دیجیتالییەکان نزیکەی دوو ساڵە بە بەرفرەیی دەبیندرێت، کۆمپانیای سۆنی کە یەکێکە لەبەرهەمهێنەکانی کامێرای دیجیتاڵە لەم دواییەدا کامێرای جۆری HDR-TD٢٠V بەرهەم هێنا کە توانای فیلمگرتنی سێ ڕەهەندی بەکوالیتی Full HD هەیە، خاوەنی دوو لێنز (عەدەسە)یە بۆ گرتنی فیلمە ڤیدیۆییە سێ ڕەهەندییەکان. جگە لەوەش کامێرای ناوبراو توانای گرتنی وێنەی سێ ڕەهەندی بەکوالیتی ٢٠ میگاپیکسل هەیە.

عەدەسەکانی کامێرای ناوبراو لەجۆری Wide Angle Gین کە توانای زوومی ١٠X هەیە. وێنە

# ڕادیۆی ئینتەرنێتی
# کەناڵی تەلەڤزیۆنیش وەردەگرێت

لەم دواییەدا بەداهاتنی ئینتەرنێت گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر ئامێری ڕادیۆدا هاتووە، ڕادیۆ ئێستا هەر شەپۆلەکانی SM , FM,MW ناگرێت، ئیزگەی ڕادیۆیی ئینتەرنێتی کە هیچ سنوور و مەودایەکیان نییە لە ملیۆن تێپەڕیون...

ڕادیۆی جۆری NMP٠٠١ کە ڕادیۆیەکی بچووکە و بەرهەمی کۆمپانیای Fulljoin ە دەتوانێت بیست هەزار ئیزگەی ڕادیۆی ئینتەرنێتی بگرێت، ڕادیۆکە هەر تایبەت نییە بەبیستن و گوێدان، بەڵکو شاشەیەکی جۆری LCD هەیە کە دەتوانیت بەهۆیەوە سەیری فیلم بکەی و کەناڵە تەلەڤزیۆنەکان ببینی، ئەوەی جێگای سەرنجە ڕادیۆی ناوبراو دەتوانێت دوو هەزار کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئینتەرنێتیش وەربگرێت، جگە لەوەش فایلە مۆسیقییەکان بەفۆرماتی OGG,WAV,MP٣ و فایلی ڤیدیۆیی بەفۆرماتی FLV, RM وەربگرێت، ڕادیۆکە سیستەمی تەکنۆلۆژیای Wi-Fi هەیە و پۆرتی USBیشی هەیە بۆ پەیوەندی لەگەڵ کۆمپیوتەردا.



## ـــی فیلمی سێ ڕەهەندی

و فیلمەکان لەسەر سیستەمی دوو کەناڵە تۆمار دەکات کە ئەمە ئەزموونێکی نوێیە لەتەکنۆلۆژیای سێ ڕەهەندی دا. لەکامێرای ناوبراودا دوگمەیەك هەیە کە دەتوانی بەهۆیەوە فیلم یان وێنەکە بەشێوەی دوو ڕەهەندی یا سێ ڕەهەندی بگری، هەروەها سیستەمی GPSی هەیە کە لەودا شوێنی جوگرافی وێنەکە یا فیلمەکە نیشان دەدات. کامێراکە بۆ تۆمارکردنی فیلمەکان لەفلاش میمۆری جۆری GB٦٤ و میمۆری کارتی MS, SD,SDHC سوود وەردەگرێت. شاشەی کامێراکە جۆرێکە کە دەتوانی بەبێ چاویلکەش وێنە سێ ڕەهەندییەکان ببینی.







لەگۆشەی هەر جارەو وەڵامی پرسیارێك ویستوومانە بەپێی زانیاریمان لەسەر بابەتەکە وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە، هەرچەندە زۆربەی پرسیارەکان لەلایەن ئەو دۆست و خوێنەرە بەڕێزانەوە بووە کە شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەکۆمپیوتەر نییە و جاریش هەبووە کەسانی شارەزاش پرسیاریان کردووە. هیوادارم وەڵامەکانمان بەویستی خوێنەران بێت و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بێت.

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیاری ئەوە دەکات کە فایلێکی wordم هەیە و کە نەخشەسازی واتە دیزاین کراوە، لەو فایلەدا چەندین وێنەم داناوە، ئێستا نازانم چۆن دەکرێت وێنەکان لەو فایلە وەربگرم، ئایا ڕێگایەك هەیە بۆ وەرگرتنی فایلە وێنەییەکان لەفایلێکی دەقی word دا؟ چۆن بکرێ یەکجار و بەهەنگاوی ئاسان گشت وێنەکان خەزن بکەم؟

خوێنەری بەڕێز لەڕاستیدا وەرگرتنەوەی وێنە لەپرۆگرامی wordدا بەهۆی ئەوەی کە پرۆگرامی word پرۆگرامێکی گرافیکی نییە تا ڕادەیەك دژوارە، بەڵام هەر دژوارێکیش ڕێگا چارەی خۆی هەیە، بەو هەنگاوی ئاماژەی پێدەدەین تەنیا بەدوو کلیك گشت وێنەکانی سەر فایلەکە وەردەگرنەوە. یەکەم لەئۆفیسی ٢٠٠٣ بەولاوە دەتوانیت دوگمەی F١٢ دابگری کە فەرمانی save As دەکرێتەوە کە ئەو بەشە کرایەوە بچۆ سەر بەشی web page و بەو فۆرماتە خەزنی شوێنێکی دیاریکراو خەزن بکە، وەك مەی دوکیۆمێنت یان سەر شاشەکەت، کە خەزنت کرد فۆڵدەرێك دروست دەبێت دەبینی گشت وێنەکان لەو فۆڵدەرەدا خەزن کراون.